# ڕێژەی ئازادیی چاپەمەنییەکان لە ساڵی 2007

کوشتار، سەرکوت، سانسۆڕ هەروەها درێژەی هەیە ولە ساڵی 2007 لانیکەم 86 ڕۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهاندا کوژراون. ئەم ئامارە هەموو ساڵێك هەڵدەکشێت. لە ماوەی 5ساڵدا ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە 25 کەسەوە گەیشتە 88 کەس کە لەو ماوەیەدا 244 لەسەد زیادی کردووە. نزیك ترین ڕێژە بەم ڕادەیە لە ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان، لە ساڵی 1944 ە. لەم ساڵەدا 103 ڕۆژنامەنووس لە ڕەگەز کوژیی ڕوواندا، شەڕی ناوخۆ لە ئەلجەزایر و یوگۆسلاویدا کوژران. زیاتر لە نیوەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان، لە ساڵی 2007 لە عێراقدا کوژراون.

هەواڵنێرانی بێ سنوور لەو بارەیەوە ڕادەگەیێنێت کە: هەتا ئێستا لە هیچ وڵاتێك و هیچ کات ئەم ڕادەیە ڕۆژنامەنووس نەکوژراون. لە عێراقدا لە سەرەتای هێرشی ئەمریکا لە ساڵی 2003 هەتاکوو ئێستا، 207 کەس لە کارمەندەکانی ڕاگەیەنەرەکان کوژراون. نە لە شەڕی 20ساڵەی وییەتنام، نە لە شەڕی ناوخۆیی یوگۆسلاوی و نە لە ڕەگەز کوژیی ڕوواندادا هاوکارانی ڕاگەیەنەرەکان بەم ڕادەیە قوربانییان نەداوە.

دەبێت بەرپرسانی دەوڵەتانی عێراق و ئەمریکا کە خۆشیان لە توندوتیژیی کردن دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان تاوانبارن، ڕێگەچارەیەکی سەرەکی و جیددی بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی بە کار بهێنن. ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکان قوربانیی فیشەکە وێڵەکان نین، بەڵکوو بە ئانقەست لە لایەن تاقمە چەکدارەکانەوە لێیان دەدرێت. تەبعەن دەوڵەتی عێراق ناتوانێت بە جارێك کۆتایی بەم توندوتیژییانە بهێنێت کە ئەم وڵاتەی داگرتووە، بەڵام دەتوانێت بە بەکار هێنانی تەواوی هێز و توانای خۆی بۆ گرتن و بەند کردنی قاتڵەکان و موحاکمە کردنیان، بە ئاشکرا وشیاریی بدات.

هەتا ئێستا لە سومالی و پاکستانیش کوژرانی ئەم ڕادەیە ڕۆژنامەنووس بێ وێنە بووە. سومالی لە ساڵەکانی ویستێرن لە ڕۆژئاوا دەچێت کە تەنیا یاسا، یاسای دەسەڵاتدارانە. ڕاگەیەنەرەکان بوونەتە ئامانجێکی هاسان کە لە پاکستان لە نێو فیشەکبارانی ئەرتەش، تاقمە ئیسلامگەراکان و باندە خرابکارەکاندا گیریان کردووە. هەواڵی باشی ئەمساڵ تەنیا نەکوژرانی ڕۆژنامەنووسان لە کۆلۆمبیا لە کاتی کار کردن دا لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە.

ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە عێراق (47 قوربانیی) بێجگە لە هەواڵنێرێکی ڕوس نەبێت، ئەوانی تریان هەموویان عێراقین. ئەوان هەموویان بۆ ڕاگەیەنەرە عێراقییەکان کاریان دەکرد و بوونەتە قوربانیی جەنایەتە سازماندراوەکان. مەبەست لەم کوشتنانە بە دژواریی دەتوانرێت دەربخرێت، بەڵام هەموویان لە پێوەند لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسی و یان ڕاگەیاندن دایە کە لەو بەشانەدا کاریان کردووە. تاقمە چەکدارەکان ئەو

ڕۆژنامەنووسانەی کە سەر بە ڕەوتە مەزهەبییە نەیارەکان بن یان ئەو کەسانەی کە بۆ چاپەمەنییە خاریجییەکان کار دەکەن و یان سەرچاوەی ماڵیی خاریجییان هەیە، دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان.

بێ هەست و خوست بوونی دەوڵەتی عێراق جێگای نیگەرانییە و خۆی بۆتە سەرباری کێشەکانی تر. هەتا ئێستا لە لایەن ڕێبەرە عێراقییەکانەوە هیچ ڕێگایەکی کارامە بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ توندوتیژیی گەڵاڵە نەکراوە. یەکێك لەو پێشنیارە دەگمەنانەی ئەم ڕێبەرانە، پێدانی ئیجازەی هەڵگرتنی چەك بە ڕۆژنامەنووسان بۆ دیفاع کردن لە خۆیان لە کاتی هێرش کرانە سەریانە.

سومالی (8 ڕۆژنامەنووسی کوژرا)، لەو وڵاتە شەپۆلی تێروری بێوێنە، ساڵی 2007ی کردە مەرگبارترین ساڵ لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا. لە ماوەی ئەمساڵدا تاقمە ئیسلامگەراکان هێزەکانی دەوڵەتی کاتی و هاوپەیمانە ئیتیۆپییاییەکەیان داوەتە بەر هێرشی یەك لە دوای یەك. لە بارودۆخێکدا کە ڕاگەیەنەرە خاریجییەکان نایانهەوێت هەواڵنێرەکانیان بنێرنە مەترسیدارترین وڵاتی جیهان، ڕۆژنامەنووسە سومالیاییەکان کەوتوونەتە ڕیزی پێشەوەی قوربانییەکانی توندوتیژیی و هەرج و مەرج. نیوەی ئەو 8 ڕۆژنامەنووسە کوژراوەی ساڵی 2007، بوونەتە قوربانیی جەنایەتە سازماندراوەکانی بکوژە پیشەییەکان. سێ کەس لەوان لە کەسایەتییە گرینگەکانی چاپەمەنییەکانی وڵات بوون. لەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە دامەزرێنەرانی ڕادیو هۆڕن ئافریك یەکێك لە تویژەرە بەناوبانگەکانی وڵات و بەڕێوەبەری گرووپی چاپەمەنیی شابل مێدیا بکرێت. بە دوای ئەم جەنایەتە زۆربەی بەرپرسانی ڕاگەیەنەرە سەربەخۆکان لە ترسی گیانیان وڵاتیان بەجێ هێشت. ڕۆژنامەنووسەکانی مۆگادیشۆ لەوە دەترسن کە شارەکەیان ببێتە "بەغدای چکۆلە".

پاکستان (6 ڕۆژنامەنووسی کوژراو)، هێرشە خۆکوژی و توندوتیژەکان لە کێشەی نێوان هێزەکانی ئەرتەش و ئیسلامگەراکان دەتوانێت شیکەرەوەی چوونە سەرێی ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە ساڵی 2007 لەم وڵاتە بێت. مەحمود عارف هەواڵنێری شەبەکەی "وۆرڵد ئاری وان" یەکێك لە 133 قوربانیی پەلامار بۆ سەر گیانی "بێ نەزیر بوتۆ" لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە کەراچیی بوو. لە مانگی ئاوریل یەکێك لەو تێرۆریستە خۆکوژانەی کە دەیهەویست وەزیرێك بکوژێت، 28 کەس لەوانە وێنە هەڵگرێکی لاو بەناوی "مەحبوب خان"ی کوشت. لە مانگی ژوئەن نورحەکیم، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی ئۆردو زمانی پاکستان و جێگیری یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی ناوچە عەشیرەییەکان لە هێرشێکی خۆکوژی لە ناوچەی باجور لە باکوری ڕۆژئاوای پاکستان کوژرا و لە مانگی ژوئییە، "جەواد خان" فیلم هەڵگری شەبەکەی "دی ئێم دیجیتاڵ تی وی" لە حالێکدا کە هەواڵی هێرش بۆ سەر مزگەوتی سوور لە ئیسلام ئابادی دەخوێندەوە، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە کوژرا.

سریلانکا (3 ڕۆژنامەنووسی کوژراو)، پەرەسەندنی تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی ئەرتەش و بەبرەکانی تامیل، هاوڕێ بووە لەگەڵ شەڕێکی قورس لە دژی ڕۆژنامەنووسەکانی تامیل لە لایەن نیزامییەکان و نیمچە نیزامییەکانەوە. لە ساڵی 2007 لە ناوچەی جافنا بۆ چەندەمین جار ڕۆژنامەی "ئۆوتایان" کەوتە بەر پەلامار. ڕۆژنامەنووسێکی لاو کوژرا و سکرتێرێکی نووسین ڕفێندرا. دوو هەواڵنێری دیکە لە ناوچەکانی ژێر کۆنتڕۆڵی هێزە ئەمنییەتییەکاندا کوژراون.

ئێریترە(2 رۆژنامەنووسی کوژراو)، ئەم وڵاتە لە ریزبەندیی ساڵی 2007ی هەواڵنێرانی بێ سنووردا لە دواهەمین دایە، رۆژنامەنووسێك لە زینداندا گیانی بەخت کرد. "فاسیهایوهاینی" ناسراو بە "جوشۆوا" رووخساری بەناوبانگی بزووتنەوەی روناکبیریی وڵات لە سەرەتایی ساڵی 2007 لە زیندان دا و رەنگە بەهۆی بارودۆخی زۆر خراپی شوێنی بەندکرانی، مردووە. چەند مانگ دواتر، رۆژنامەنووسێکی دیکە بەناوی "پۆلۆس کیانا" لە چەند کیلۆمیتریی سنووری سودان بەهۆی ماندووبوونی لەرادەبەدەر گیانی لەدەست دا. ئەو کە ساڵی پار لە زینداندا و لە ژێر ئەشکەنجە دا بوو، تەحەممولی گیران و ئەشکەنجەی دووبارەی نەبوو وە دەیهەویست لە وڵات بچێتە دەرێ.

لە ساڵی 2007 لە چاو پارەکە ژمارەی هاوکارە کوژراوەکانی راگەیەنەرەکان (وەرگێڕ، تێکنێسییەن، دەنگ هەڵگر و ...) کەمتر بوو. ژمارەی هاوکارە کوژراوەکانی راگەیەنەرەکان ئەمساڵ 20 کەس بوون، ئەم ژمارەیە لە ساڵی پار دا 32 کەس بوو. بە پێچەوانەی سازمانەکانی تر، رێژەی هەواڵنێرە بێ سنوورەکان تەنیا ئەو رۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە مەرگیان پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ ئەرکی راگەیاندن دا بووە. دەیان نموونەی تریش هەن کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێت و بەهۆی دیار نەبوونی هۆکاری مەرگیان، جارێ لە لیستی رێژەدا وەلانراون.

### دوو موحاکمەی گرینگ لە ساڵی 2008

نزیکەی 90 لەسەدی جەنایەتەکانی دژ بە رۆژنامەنووسان یان هەمووی و یان بەشێکی بەر سزادان ناکەون. حکومەتی ئەو وڵاتانەی کە لەواندا رۆژنامەنووسان دەکوژرێن، لەسەر تێپەڕبوونی کات و بیر چوونەوە حیساب دەکەنەوە هەتاکوو جەنایەتکاران لە سزادان دەبازین. هەواڵنێرانی بێ سنوور لە بیری ناکات و بە بەدواداچوونی بەردەوامی جەنایەتە ئەنجامدراوەکان، لە دژی پارێزراوبوونی لە سزادان خەبات دەکات.

لە ساڵی 2007، هەواڵنێرانی بێ سنوور:

– رەفتاری رسوابووی مەقاماتی حکومەتی "بۆرکینافاسۆ"ی مەحکوم کرد کە 9 ساڵ پاش کوژرانی رۆژنامەنووس "نۆربیت زۆنگۆ" سەرەڕای ئەو بەڵگانەی کە دەریاندەخست کە گاردی سەرۆك کۆماریی لەو قەتڵەدا دەستی هەیە، دادگا رەئی بۆ کۆتاییهاتنی پەروەندەکە دا.

– کۆتایی راگەیاندنی پەروەندەی فەتڵی نوێنەری خۆی "دیبادحەیدەرا" لە گامبییای مەحکوم کرد، وە هەروەها ئەم کوشتنە دەستی دەست و پێوەندەکانی کۆشکی سەرۆکۆماریشی دەگرتەوە.

– خوازیاری پەرەپێدانی ئیختیاراتی دادگای نێونەتەوەیی لوبنان بۆ پێڕاگەیشتن بە سکاڵای جەنایەتە ئەنجامدراوەکان لەو وڵاتە لە ساڵی 2004ەوە و لەوانە کوژرانی دوو رۆژنامەنووس بە ناوەکانی "جۆبران تۆوینی" و "سەمیر قەسیر"ە.

لە ساڵی 2007 و لە نۆهەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری رۆژنامەنووسان وو روناکبیرە ئێرانییەکان لە ساڵی 1377 کە بە "قەتڵە زنجیرەییەکان" بەناوبانگە، هەواڵنێرانی بێ سنوور بە ناردنی نامەیەك بۆ "لۆئیزئارپۆر" کومیسێری باڵای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ ، لەو بارەیەدا داوای هەوڵی

جیددی لێکرد. لەو نامەیەی هەواڵنێرانی بێ سنووردا روو بە "لۆئیس ئاڕبۆر" نووسراوە کە: " ئەم جەنایەتانە شەپۆلێك لە نەفرەتی لە ئاست بڕیاردەران و دەست و پێوەندەکانی لە نێو خەڵکدا هەڵخڕاند و ئێستاکەش زۆرێك لە خەڵکی ئێران سەرەڕای کۆسپ خستنە سەر ڕێگا لە لایەن رژیمەوە، لە مەڕاسمی بیرەوەریی قوربانییەکانیدا بەشدرایی دەکەن. لەو دادگایی کردنانەی کە 4 ساڵی خایاند و سەرەڕای ئەوەیکە دەزگای قەزایی بەشدرایکردنی 15 کەس لە مەئمورەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی لەم قەتڵانە سەلماند بوو، بەڵام نە حەقیقەت دەرخرا و نە عەداڵەتیش بەڕێوە برا. لە ساڵی 1381 بنەماڵەی قوربانییەکان سکاڵایان بردە لای ناوەندە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها بۆ لای کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤ. بنەماڵەکان و رێکخراوەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ هیچ کامێکی حوکمەکانی ئەم دادگایەیان قبوڵ نەکرد، چوونکە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی جەنایەتە سیاسییەکان دادگایی نەکراون و هەتاکوو ئەمڕۆ سزا نەدراون و نەناسێندراون.

هەواڵنێرانی بێ سنوور لەوبارەیەوە رادەگەیەنێت کە: "خەبات لە دژی پارێزراو بوون لە سزادانی بکوژانی رۆژنامەنووسان، گرینگییەکی حەیاتیی هەیە". دو دادگاییکردن لە ساڵی 2008دا بەڕێوە دەچێت. دادگایەك بۆ کوژرانی "هێراندینك" لە تورکییە و دادگایەك بۆ کوژرانی "ئاناپۆلیتۆ کۆفسکایا" لە روسییە. ئەم دوو جەنایەتە لە پشتەوەی دەروازەکانی ئۆروپادا رویان داوە و دادگاکەشیان دەبێت بە شێوەیەکی "نموونە" بەڕێوە بچێت، بڕیاردەران و دەست و پێوەندەکانیان دەبێت بە توندیی سزا بدرێن. بەشێك لە داهاتووی رۆژنامەنووسان پێوەندی بە دەرئەنجامەکانی ئەم دو مەحاکەمەوە هەیە و گرینگییەکەی نەتەنیا لە وڵاتانی روسیە و تورکییە، بەڵکوو لە هەموو ئەو وڵاتە مەترسیدارانەیە کە ئەمجۆرە پشکنینە هەستیارانەیان تێدایە.

هێراندینك سەرنووسەری گۆڤاری ئاگۆس، لە 19ی ژانوییەدا لە بەرامبەر نووسینگەی رۆژنامەی ئاگۆس لە ئێستانبوڵ، کوژرا. بەڕواڵەت بکوژەکەی ئەو لاوێکی پان تورکیستی توندڕۆیە کە لە 11ی فێورییەی 2008 دا مەحاکەمەی دەست پێ دەکات، دادگایەك کە دەبێت هەموو بەرپرسانی ئەم قەتڵە دەربخات و تیشك بخاتە سەر ئەگەری هاودەست بوونی ئەو لەگەڵ هێزە ئێنتێزامییەکان.

دادگای پێڕاگەیشتن بە کوژرانی "ئاناپۆلیتۆکۆفسکایا" لە میانەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی لە روسییەدا بەڕێوە دەبرێت. روسییە دەبێت کۆتایی بە قەتڵە زنجیرەییەکانی رۆژنامەنووسان بهێنێت کە بکوژانیشی سزا نەدراون. قەتڵی "ئاناپۆلیتۆکۆفسکاپا" دواهەمینی ئەم زنجیرە کوشتنانەیە و هەر ئەمەشیان بکوژەکەی گیراوە و بە دادگا ناسێندراوە.

لە ساڵی 2007دا هەر رۆژێ دو رۆژنامەنووس گیراون

لە یەکی ژانوییەی 2008 دا لە سەراسەری جیهان، 135 رۆژنامەنووس لە زیندان دا بەسەر دەبەن. ئەم رێژەیە لە چاو ساڵانی رابردوو وەها نەگۆڕاوە. جێگای رۆژنامەنووسە

ئازادکراوەکان خێرا بە گیراوی تازە پڕ دەکرێتەوە. زۆرترین ژمارەی گیراوەکان بە 195 گیراوەوە لە پاکستان روویدا و لە پاشان کوبا بە 55 رۆژنامەنووسی زیندانیی و ئێران بە 54 رۆژنامەنووسی گیراو، پلەی سێهەمی هەیە. هەواڵنێرانی بێ سنوور لەوبارەیەدا رادەگەیەنێت کە:"لە جیهاندا نزیکەی 30دەوڵەت رۆژنامەنووسە نەیارەکان لە زیندان دەکەن، بۆ رێبەرە دواکەوتوەکانی ئەم وڵاتانە، زیندان تەنیا وەڵامی رەخنەکانی ژن و پیاوە رۆژنامەنووسەکانە. ئێمە خوازیاری ئازادیی خێرای 135 رۆژنامەنووسی زیندانی لە سەراسەری جیهانین. رفاندنی رۆژنامەنووسانیش دەبێت بە هەڕەشەی زیندانی کردنیان زیاد بکەین. لە ساڵی 2007 ژمارەی رۆژنامەنووسە رفێندراوەکان چۆتە سەرێ. لە عێراق و ئەفغانستان بە بارمتەگرتن بۆتە شتێکی باو و زۆرێك لەو رۆژنامەنووسانە بەدەستی رفێنەرانیان ئێعدام کراون. دەوڵەتەکان دەبێت لە رێگای بەدواداچوونی قەزایی و سزادانی بڕیاردەران و دەست و پێوەندەکانی ئەم جەنایەتانە، دژ بەم دیاردەیە شێلگیرانە خەبات بکەن.

چین بە 33و کوبا بە 24 رۆژنامەنووسی زیندانی، زیاتر لە چوار ساڵە کە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لە جیهانن. دەوڵەتەکانی پێکەن و هاوانا کەمتر رۆژنامەنووسە زیندانییەکانی ئازاد دەکەن و رۆژنامەنووسە زیندانییەکان زۆر جار چەند مانگ بەر لە کۆتاییهاتنی حوکمی زیندانیان ئازاد دەکرێن، بەڵام زۆر زوو خەڵکی تر جێگای بەتاڵی ئەوان پڕدەکەنەوە.

ئازربایجان بە گرتنی 7 رۆژنامەنووس لە ساڵی 2000 ژمارەی رۆژنامەنووسە زیندانییەکانی گەیشتە 8 کەس. بەڵام لەو وڵاتە گرتنی رۆژنامەنووسان شتێکی تازەیە و پیشاندەری بارودۆخی نالەباری ئازادیی چاپەمەنییەکان و سەخت گیریی زیاتری دەسەڵاتداران دەرحەق بە رۆژنامەنووسە رەخنەگرەکانە.

ئێران لە ریزبەندیی ساڵی 2007 لە نێو 169 وڵاتدا لە ریزی 166دا بوو، لەم وڵاتە رۆژنامەنووسان لە گەڵ سەرکوتی هێرشبەرانەی حکومەتیی دا بەرەوڕون کە ئیجازەی بەیانی هیچ جۆرە رەخنە و یان خواستێکی سیاسیی کۆمەڵایەتییان پێ نادەن، لەبەر ئەویکە هەمووساڵێك ئەم وڵاتە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بووە. هەر ئێستا 11 رۆژنامەنووس و 2 ویبلاگ نووس لە ئێراندا گیراون. زۆرێك لە رۆژنامەنووسەکانی تر لە بەر تیشك خستنە سەر سەنگسار و گەندەڵی و یان هاوکاریی و هەروەها وتوویژ لەگەڵ راگەیەنەرە خاریجییەکان دەبێت وەڵام بە تۆمەتە درۆینە بەڵام قورسەکان بدەنەوە کە دەتوانێت ببێتە هۆی دەرچوونی حوکمی زیندان بۆیان. عەدنانی حەسەن پور و هیوا بوتیمار دوو رۆژنامەنووسی کورد مەترسیی ئێعدام کردنیان لەسەرە.

سەرەڕای 135 رۆژنامەنووسی زیندانی، 7 هاوکاری چاپەمەنیی (وەرگێڕ و تێکنیسییەن و...)، 65 ویبلاگ نووسی ناڕازیش لە زینداندا بەسەر دەبەن. چین باڵانشینی خۆی لە پێشبرکێی سەرکوت بە 50 وێبلاگ نووسی ناڕازیی لە زینداندا راگرتووە. هەشت وێبلاگ نووسی ناڕازیی لە وییەتنام لە زیندان دان، لە میسر وێبلاگ

نووسی لاو "کەریم عامێر" لەبەر نووسینی بابەتی ڕەخنەگەرانە لەسەر سەرکۆمار و فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان لە دانیشگا لە نێو وێبلاگەکەیدا بە 4 ساڵ زیندان مەحکوم کراوە. زیندانیکردن تەنیا شێوازی بێبەش کردنی ڕۆژنامەنووسان لە ئازادیی نییە. لە ساڵی 2007 لە 15 وڵاتی جیهان 67 ڕۆژنامەنووس و دەست و پێوەندی ڕاگەیەنەرەکان بە بارمتە گیراون. مەترسیدارترین ناوچە لە جیهاندا بەردەوام عێراقە کە لەودا لە سەرەتای ساڵەوە 25 ڕۆژنامەنووس ڕفێندراون. 10ڕۆژنامەنووسی ڕفێندراو بەدەستی ڕفێنەران ئیعدام کراون.

لە ئەفغانستان "ئێجمال نەقشبەندیی" ڕۆژنامەنووسی ئەفغانیی و وەرگێڕی هەواڵنێریی ئیتالییایی دانییێل ماتسێرجیاکۆمۆ" لە ڕۆژی 8ی ئاوریل و "سەید ئاقا" لە ڕۆژی 16ی مارس بە سیخوڕیکردن تۆمەتبار کراو ملی پەڕێندرا. ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە لە ڕێکەوتی 5ی مارسدا وێڕای هەواڵنێرانی ئیتالییایی "دانییێل ماتسێرجیاکۆمۆ" بەدەستی پیاوەکانی "مەلا دادوڵلا" یەخسیر کرابوون. لە 19ی مارس "دانییێل ماتسێرجیاکۆمۆ" ئازاد کرا.

لە پاکستان 5ڕۆژنامەنووس ڕفێندران کە ڕفێنەرانی هێندێکیان، هێزە ئەمنییەتییەکان بوون هەڵبەت ئەم ڕۆژنامەنووسانە هەموویان بەسەلامەتی ئازاد کران. هێشتاش لانیکەم 14 ڕۆژنامەنووس کە گشیتان لە عێراق بوون، ڕفێندراون.

2676 ماڵپەڕی ئینترنێتی و وێبلاگ لە ساڵی 2007 بەستراون و داخراون.

دەوڵەتانی وەك چین، بێرمە و سوریە لە هەوڵی ئەوەدان کە تۆڕی ئینترنێت بکەنە تۆڕێکی داخراو و بیهێننە ئاستی دانوستانی ناوخۆ و ئەو کەسانە بتوانن بەهرەی لێ وەربگرن کە ئیجازەیان پێدراوە. لە ساڵی 2007 لە سەرتاسەری جیهان لانیکەم 2676 ماڵپەڕی ئینترنێت و وێبلاگ بە ڕەسمی بەستراون و داخراون. زۆرینەی ئەم ماڵپەڕانە شوێن و تالاری دیالۆگ بوون. توندترین سانسۆڕ لە ماوەی ساڵی 2007 لە چین و لە کاتی بەرێوەچوونی حەڤدەهەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست بیندرا کە 2500 ماڵپەڕ و وێبلاگ و تالاری وتووێژ قەدەغە کرا. سورییەش لە مانگەکانی کۆتایی ساڵدا نزیکەی 100 ماڵپەڕی شیرکەتە خزمەتگوزارییەکانی ئینترنێتی بەست و دایخستن، لەوانە تۆڕی "فیس بۆك"، ئیمەیلەکانی هۆوت مەیل و پرۆگرامی تیلێفۆنیی "ئیسکایپ"ی بەست و نەیهێشت کە بەکارهێنەران کەڵکی لێ وەربگرن. دەوڵەتی دەمشق ئەم دامەزراوانەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە سرویسە زانیارییەکانی ئیسرائیلی دزەیان تێکردووە.

لە ئۆکتۆبری 2007 لە کاتی خۆپیشاندانەکانی "بودیست"ەکان لە بێرمە ژنراڵە دیکتاتۆرەکان کە دەسەڵاتیان هەیە هەوڵیاندا لە "ڕانگۆن" لە ڕێگای نەهیشتنی دەستپێڕاگەیشتن بە ئینترنێت پێش بە چوونەدەرێی

زانیارییەکان لەو وڵاتە بگرن. سانسۆڕ هەموو ئامرازەکانی پێوەندیگرتنی لە خۆ دەگرت. لە ماڵپەڕە رەخنەگرەکانەوە هەتا مۆبایل و کامێراکانی وێنە و فیلم هەڵگرتن و ...

هەواڵنێرانی بێ سنوور لەو بارەیەوە رادەگەیەنێت کە: "لە هەندێك لە وڵاتان ئێنترنێت هەر بە رادەی توندیی سانسۆڕی دەست و پێوەندەکانی راگەیەنەرە کلاسیکەکان سەرکوت دەکرێت. چین گەورەترین سانسۆڕچیی ئێنترنێتە". سایبر پۆلیسی ئەم وڵاتە بەر لە هەر رووداوێکی گرینگ شەپۆلی ترساندن و تۆقاندن دەخاتە گەڕ. لە ساڵی 2007 لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست دا سانسۆڕی هەمەلایەنە بەڕێوە دەبرا. لە ماوەی چەند حەوتوودا و بۆ ماوەی چەند مانگ 2500 ماڵپەڕ و وێبلاگ کە زۆربەیان تایبەتمەندیی سیاسییان هەبوو، بەستران و دەسپێڕاگەیشتن پێیان نەدەهێشترا.

هەواڵنێرانی بێ سنوور ئەوە وەبیر دەهێنێتەوە کە ئێران یەکێك لە وڵاتە سەرکوتکەرەکانی بواری ئێنترنێتە و لە لیستی 13 وڵاتی "دوژمنانی ئێنترنێت" لە جیهاندایە. لە ساڵی پاردا زیاتر لە 10 میلیۆن لاپەڕەی ئێنترنێت بە بیانووی هەبوونی ناوەرۆکی "نایاسایی و دژ بە کلتوری گشتی" بەستراون.

هەروەها بە پەسندکردنی " بڕیارنامەی ساماندانی چالاکیی بنکەکانی راگەیاندنی ئێنترنێتی وڵات" لە لایەن لیژنەی وەزیرانەوە، تەواوی لینکە ئێنترنێتییەکانی وڵات دەبێت تایبەتمەندییە پێوەندیدارەکان و ناسنامەی بەڕێوەبەری بەرپرسیان لە وەزارەتی "ئێرشاد" دا بنووسن. بەڵام سەرەڕای وە درۆخستنەوە رەسمییەکان ئەم سیاسەتە بە بێدەنگیی دەچێتە پێشەوە و بەکردەوە "ماڵپەڕە نێونووس نەکراوەکان" لە تۆڕ دەسڕدرێنەوە. مەقاماتی ئێران بە بیانووی تەکنیکیی و لەوانە "گۆشار بۆ تۆڕ" بەڵام لە راستیدا بۆ پێشگرتن لە ئاپلۆد کردنی فیلم و موسیقیی و زانیارییە پێویستەکانی دیکە، بەکار هێنەرانیان لە ئێنترنێتی خێرا بێبەش کردووە.

لە ئێران دوو وێبلاگ نووسی فمێنیست بە ناوەکانی" مریەمی حوسێن خاه" و " جلوە جەواهێریی" هەروا لە زینداندا بەسەر دەبەن.

هەواڵنێرانی بێ سنوور، ئەنجومەنی نێونەتەوەیی دیفاع لە رۆژنامەنووسە زیندانییەکان و ئازادی چاپەمەنیی بە پێی ئەسڵی 19ی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤە.

**رێژەی ئازادیی چاپەمەنییەکان لە ساڵی 2007:**

86 رۆژنامەنووسی کوژراو

20 هاوکاری کوژراوی چاپەمەنییەکان

887 رۆژنامەنووسی گیراو

1511 رۆژنامەنووس کەوتنەبەر هێرش و هەڕەشە

528 راگەیەنەری سانسۆڕ کراو

67 رۆژنامەنووسی رفێندراو

**ئینترنێت**

37 وێبلاگ نووسی گیراو

21 وێبلاگ نووس کە کەوتوونەتە بەر هێرش و هەڕەشە

2676 ماڵپەڕی ئینترنێتی بەستراو و داخراو

**بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ رێژەی ساڵی 2006**

85 رۆژنامەنووسی کوژراو

32 هاوکاری کوژراوی چاپەمەنییەکان

871 رۆژنامەنووسی گیراو

56رۆژنامەنووسی رفێندراو

1672 رۆژنامەنووس کە کەوتوونەتە بەر هێرش و هەڕەشە

912 راگەیەنەری سانسۆڕ کراو.

**وەرگێڕان لە فارسیەوە: عەلی ئەحمەدپور**

***